

# کچی ئاسمان

## جەزا چنگیانی

ئەستێرەیەکی خونچە تەمەن لە ئاسمان یاخی بوو ... ووتی :
باوەشی ئەم ئاسمانە بۆ باڵەفڕیی حەزەکانی من زۆر تەسکە . لە تەك دەستە ئەستیرە چاوگەشەکانی خوشکی کەوتنە دووان .
خوشکان ووتیان : هیچ ئاسمانێکی تر لەم ئاسمانەی ئێمە فراوانتر و میهرەبانتر نیە ئاوا بە سۆزەوە لە باوەشمان بگریٰ . تۆ چیت دەویٰ ؟ چۆن دەتوانی بڵی ئەم ئاسمانە بۆ باڵە فڕی حەزەکانت تەسکە .؟ بڕوانە تا چاوبڕکات ئاسمانە . لە هەر سوچێك . لە پانتای هەر بستێك . لە لوتکەی هەر هەورێکدا هەواری حەز هەڵدەی . لە زەوییەوە چاوی گەشت دەبینریٰ و ملوینەها عاشق تیشکی چاوی یارەکانیان بە تیشکی چاوی تۆ دەنوێنن . لەمە زیاتر چیت گەرەکە ؟
کچی ئاسمان ووتی : من گەرەکمە لە باوەشی هەورە سپیەکانی دراوسیمان . لە ئامیزی ئاسمانی شین و فراوان ... بترازێم وسنگی تەسکی زبری پیاوێکی گەنمڕەنگ . لە ئامێزم بگریٰ . تا سەرما وسۆڵەی ئاسمانی بیٰ هەناسەی نێرینە لە جەستە و ڕۆحم دەرچیٰ . ئای خوشکانم ئێوە چەند گەوجن . تەمەنی خۆتان لە نێوان هەورەکاندا بە بیٰ بۆنی سنگی زبر و مژینی شیرئاوی پیاو گوزەرپێدەکەن...پێم ناڵێن ئێوە چۆن لە ژیان گەیشتون ؟؟؟؟ من وێڵی مافە سروشتێکانی جەستە و ڕۆحی خۆمم . نامەویت تەمەن لە تەلاری باڵابڵندی هەورە تەنیاکاندا بتاسێنم . من نامەوێت تیشکی جوانیم بە کەشخەوە بشێوێنم ...من گەرکمە هەناسە بە ڕۆحی بزێوی عەشقم بدەم .
هەموو ئەستیرەکان کەوتنە گەمە و پێکەنین .
ووتیان : تۆ گەوجی ئاسمانێك کە گشت جیهانی لەباوەشگرتووە . بۆ بازی حەزەکانت تەسکە ؟ خەو بە باوەشی تەسکی توکاوی و زبری پیاوێکەوە دەبینی کە چەند بستە.....؟؟؟ ئەمە سەیرە !
کچی ئاسمان گوێی لە دەستە خوشکە چاوگەشەکانی نەگرت و لە یاسایی سروشت ترازا ... لە قوڵایی ئاسمانەوە بەرەو زەوی کشا... بۆنی دەروونی زۆر شاری کرد .... لە ناو شارەکانی گشت دونیادا .تەنیا هەناسەی شاری ( سان پیترسبۆرگ ) چەمانیەوە . لە شەقامی ( مێچمانسکای ) و لە بەر قەدی ساختومانێکی چەند نهۆمیدا بۆنی بنباخەڵ وسنگی پیاوێکی تەنیا . ڕۆحی ڕاکێشا . لە درزی پەنجەرەی

ژووری نوستنەکەوە چووە ژووری و سەرتاپای لەشی ڕووتی پیاوەکەی لێبوو بە پارچە هەنگوینێکی تووکنی گەنمڕەنگی بەهەشتاوی . بە ئەسپای خۆی خزانە ناو پێخەفەکەوە و باڵای تەزیوی خۆی لە باڵای گەرمی ڕووتی پیاوەکە ئاڵاند . لە خەوی تەنیایی ڕاپچڵەکاند . پێکەوە زۆر بە تیژی . تەڕایی جەستەی یەکیان مژی . لە دوای ئەو شەوەوە بوو بە یاری هەمیشەیی . لە هەر بوونیکدا (ئەنەسستا) ببینرایە . خەڵکی سەیری چاوی ئەستێرەیان دەکرد . کە قژەکانی دادەهانی وورشە سوورمەی ئەستێرەی لێدەتکا . کە هەناسەی دەدا . بۆنی ناخی هەورە سپیەکانی ئاسمان لە دەمی دەهات . کە لە ئاست تەکانە سێکساویەکانی هاوڕێکەیدا ڕۆح و جومگەکانی جەستەی ڕەحەت دەبوو . لە چلەی هاوینشدا بوایە ئاهی دەروونی دەبوو بە شەهوەتی خوا ( هەوری سپی ) ئاسمانی ( سان پیترسبۆرگی) بە بارانی ڕەحمەت دەگرت....

05/10/2005

سان پیترسبۆرگ

jazachingiani@hotmail.com
www.chingiani.de

